بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا
تُخْرِجُوهُنَّ مِن بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَن يَتَعَدَّ
حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا ﴿1﴾

ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم (بە ئوممەتت ڕابگەیەنە) ئەگەر ژنانتان تەڵاق دا لە کاتی دیاری کراویاندا تەڵاقیان بدەن (کە بریتیە لەو کاتەی کە ئافرەت لە عادەتی مانگانەی پاك بۆتەوە)، حسابی ئەو کاتەش بە وردی ڕابگرن، (ئەگەر لەو کاتە دیاری کراوانەدا یەکجار تەڵاقتان دان، ئەوە با ئەو ئافرەتە لە ماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە) دەریان مەکەن لە ماڵەکانی خۆیاندا، (ئافرەتەکانیش با بەبێ ڕەزامەندیی مێردەکانیان) لە ماڵ دەرنەچن مەگەر کارێکی ناشرین و نارەوای ئەنجام دابێت، (ئەو کات بە لە ماڵ نەمێنن و بچن بۆ ماڵی مەحرەمێکیان)، ئا ئەوەیە سنوری خوا (لە بارەی تەڵاقەوە) ئەوەی لە سنوری خوا بترازێت ئەوە ستەم لەخۆی دەکات، (ئەی ئیماندار) تۆ نازانی لەوانەیە دوای ئەو (تێکچوون و ساردیە) خوای گەورە بارودۆخێك پێش بێنێت کە ئاشت ببنەوەو ڕێك بکەونەوە).

فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ
وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ذَلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل
لَّهُ مَخْرَجًا ﴿2﴾

کاتێك ماوەی دیاریکراویان بەسەر برد (دوای یەك یان دوو تەڵاقە)، بیان هێڵنەوە لای خۆتان هاوڕی لەگەڵ ڕەفتارو هەڵسو کەوتی چاکدا، یاخود وازیان لێ بێنن و لێیان جیا ببنەوە (لە سێیەم جاردا) بە شێوەیەکی جوان کە مافیان پارێزراو بێت، لە کاتی جیابوونەوەی یەکجارییدا با دوو

شایەتی دادپەروەرو خواناس لە نێواندا هەبێت، وە ئامادەی شایەتی ببن و بیپارێزن بۆ خواو لەبەر خوا، بەمشێوەیە ئامۆژگاری ئەو کەسە دەکرێت کە باوەڕی بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە، جا ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت خوا دەرووی لێ دەکاتەوە.

وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا ﴿3﴾

وە لە شوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشێت کە حسابی بۆ نەکردبێت و بە خەیاڵییدا نەهاتبێت، جا ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت، ئەو زاتەی بەسە بۆ ئەوەی یاریدەدەری بێت، چونکە بەڕاستی خوا ئەوەی بڕیاری لە سەری هەبێت بە ئەنجامی دەدات، وە بۆ هەرشتێك کاتی دیاریکراوی بڕیارداوە.

وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا ﴿4﴾

ئەو ئافرەتانەی کە نائومێد بوون لە عادەتی مانگانە لە هاوسەرەکانتان، ئەگەر کەوتنە گومانەوە کە ئاخۆ عادەتی مانگانەیان مابێت یان نا، ئەوە سێ مانگ چاوەڕی بکەن، هەروەها ئەوانەش کە بەهۆی کەم تەمەنیەوە هێشتا نەکەوتونەتە عادەوە، ئەوانیش سێ مانگ چاوەڕێ بکەن، ئەو ئافرەتانەش کە سکیان هەیە ماوەکەیان ئەوەندەیە تا سکەکەیان دادەنێن، جا ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، خوا کاری بۆ ئاسان دەکات.

ذَلِكَ أَمْرُ اللَّهِ أَنزَلَهُ إِلَيْكُمْ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْرًا ﴿5﴾

ئەمە فەرمان و سنوری خوایە کە ناردویەتی بۆتان جا ئەوەی لە خوا ترس و پارێزکار بێت، خوا گوناهەکانی دەسڕێتەوەو چاوپۆشی لێ دەکات و پاداشتی زۆرو بێ سنوری پێدەبەخشێت.

أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ وَإِن كُنَّ أُولَاتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأْتَمِرُوا بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ وَإِن تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرَى ﴿6﴾

ئەو ئافرەتانەی کە تەڵاقێك یان دوانیان ماوە، بە گوێرەی تواناتان جێگەو ڕێگەیان بۆ دابین بکەن لای خۆتان، نەکەن ئازاریان بدەن و تەنگاویان بکەن و زۆریان بۆ بهێنن، خۆ ئەگەر سکیان هەبوو، (ئەگەر سێ تەڵاقەش درا بوون) هەر بەخێویان بکەن و مەسرەفیان بکێشن، خۆ ئەگەر هاتوو منداڵەکەیان بە شیر گۆشکردو بەخێویان کرد ئەوە حەقی خۆیان بدەنێ، (دەکرێت) بەشیوەیەکی جوان و چاك و ڕاوێژ لە ناو یەکدا بکەن (بۆ بەخێو کردنی منداڵەکە) خۆ ئەگەر پێکنەهاتن، ئەوە دەکرێت ئافرەتێکی تر منداڵەکەی بۆ بەخێو بکات و شیری بدات.

لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آتَاهَا سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا ﴿7﴾

جا ئەوەی دەوڵەمەندە با بە گوێرەی دەوڵەمەندییەکەی بەخشندە بێت، ئەوەیش کە دەستەو هەژارە، با لەوە ببەخشێت کە خوا پێی بەخشیوە، چونکە خوا بە گوێرەی (دارایی) هەرکەسێك داوای بەخشین دەکا، (دڵنیا بن کە) خوا دوای تەنگانە هەرزانیی دێنێت، دوای ناخۆشی خۆشی دێنێت.

وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِ فَحَاسَبْنَاهَا حِسَابًا شَدِيدًا وَعَذَّبْنَاهَا عَذَابًا نُّكْرًا ﴿8﴾

(لە سەدەکانی پێشودا) چەندەها شارو شارۆچکە یاخیبوون لە فەرمانی پەروەردگاریان و فرستادەکانی، ئێمە زۆر بە توندی حسابمان بۆ کردن و سزایەکی توندو پڕ ئێش و ئازارمان بۆ پێش هێنان.

فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَاقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا ﴿9﴾

ئیتر گیرۆدەی بەڵای خۆیان بوون  و ئەو سزایەیان چەشت کە خۆیان دەست پێشکەرییان بۆ کردبوو، وە سەرئەنجامی ئەو شوێنانە هەر زەرەرمەندیی و خەسارەتمەندیی بوو.

أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فَاتَّقُوا اللَّهَ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ الَّذِينَ آمَنُوا قَدْ أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا ﴿10﴾

لە قیامەتیشدا خوا سزای بەئێشی (لە ناو دۆزەخدا) بۆ ئامادەکردوون، دەی کەواتە ئەی ژیرو هۆشمەندەکان، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزکار بن، وە دڵنیابن خوا، قورئانی بۆ ئێوە دابەزاندووە...

رَّسُولًا يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِ اللَّهِ مُبَيِّنَاتٍ لِّيُخْرِجَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا قَدْ أَحْسَنَ اللَّهُ لَهُ رِزْقًا ﴿11﴾

(هاوڕی لەگەڵ) فرستادەیەکدا کە ئایەتە ڕوونەکانی خواتان بەسەردا دەخوێنێتەوە، تا ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن لا تاریکی دەریان بێنێت و ڕزگاریان بکات و بیانخاتە ناو نوورو ڕووناکیەکەوە، جا ئەوەی باوەڕ بێنێت بەخواو کردەوەی چاك ئەنجام بدات دەیخاتە باخەکانی بەهەشتەوە کە جۆگەو ڕووبار بە ژێر درەخت و بە بەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات، وە لەوێ ژیانی هەمیشەیی و هەتاهەتایی دەبەنە سەر، بێگومان خوا ڕزق و ڕۆزیی چاك و پاك و فرەو فراوانیان پێدەبەخشێت.

اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ الْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا ﴿12﴾

خوا ئەو زاتەیە کە حەوت چین ئاسمانی دروستکردووەو زەویشی دروست کردووە بە وێنەی ئەوان، ئەم قورئانە، ئەم فەرمانانە بە نوان

ئەو هەموو ئاسمانانەدا دێتە **خوارەوە**، تا چاك بزانن كە **خوا** دەسەڵاتی بە سەر هەموو شتێكدا هەیە، بێگومان زانستی و زانیاری خوا **هەموو** شتێكی گرتۆتەوە.